# پایزێك لە دەرگادەدا

عومەر کەریم بەرزنجی

ئەوە ڕاستە: ئێمە ژیانمان خۆش دەوێ, نەك لەبەرئەوەی کە خوومان بەژیان گرتووە
بەڵکو لەبەر ئەوەی کە خوومان بەخۆشەویستی گرتووە.
فریدریك نیتشە

-1-

سوتانی باڵی نەورەسەکان
گەواهی مێژووی برین و
چاڵە سیاهەکانی دۆزەخە.
ئەی دڵ" لەم وێرانەیەدا
بەشوێن بۆنی کام گوڵەدا وێڵی
چیمەنی ژوانەکان...
بۆنی خوێنیانیان لێدێ.

-2-

ژوانی ئەم عیشق و ئەوینە
لە لیباسی خوێناوی یوسفێك دەچێ
دوای کڕنوشی ئەستێرەکان بۆ مانگ
ئاسمان وەك فاڵچی‌یەکی فاشیل
قاوەی بۆ حوزنێك گرتەوە
مانگیان کوشت.
لەم دەربەندی نائومێدییەدا ئەی قەدەر
چ خەونێك بوو
پاسەوانەکانی بەردەم باخچەکانی خۆشبەختی
ڕێگای چوونە ژوورەوەیان لێگرتین.

-3-

هێشتا فرمێسکەکانی منداڵیمان نەسڕیبۆوە
گڕکانی جێپێکانی قابیل
بەرماڵی ژێرپێی عیسایان سووتاند.
نەمان توانی...
ئایەتەکانی خۆشبەختی ئەزبەرکەین.
ئەی مەنسور" لەژێر پەلکی سەرووەکاندا
تەرمی ئەوهەموو گوڵانە حەشار نادرێن.
ئەی مەنسور" قەدەری ئەم بوونە
لە ورگی ناهەنگێك دەچێ.
لێرەدا ئومێد تروسکایی مۆمێکە
لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا.